ژوری توێژینەوەی سیاسی

بزوتنەوەی گۆڕان

# توركیا و قەیرانی دارایی

ئامادەكردنی: ئەنوەر كەریم





ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان/ گۆشەی ئابوری

Tel: 009647481505010

Email: research.gorran@gmail.com



تشرینی یەكەمی 2018

## ئامادەکردنی: ئەنوەر کەریم

ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان/ گۆشەی ئابوری

Tel: 009647481505010

Email: research.gorran@gmail.com


تشرینی یەکەمی ٢٠١٨

## پێڕست


دەستپێک.......... ٣

تورکیا و قەیرانی دارایی.......... ٦

تورکیا لە قەیرانی دارایی یان قەیرانی ئابوریدایە؟ .......... ٨

هۆکارەکانی قەیرانی دارایی بەگشتی .......... ٩

قەیرانی ئابوری: چۆن دروست دەبێت و لە چ کاتێکدا؟ .......... ١٠

هۆکارەکانی قەیرانی دارایی تورکیاو کێشەکانی.......... ١١

قەرزەکانی تورکیا.......... ١٢

چارەسەری قەیرانی دارایی تورکیا .......... ١٣

زیانەکانی تورکیا چی دەبێت .......... ١٦

دەرئەنجام.......... ١٨

سەرچاوە .......... ٢٠

**دەستپێک**

سیاسەت و ئابوری دوو ڕووی دراوێکن، دەوڵەتانی بەهێزی جیهان ئەو دەوڵەتانەن کە خاوەن سیاسەت و ئیدارەیەکی سەرکەوتوو و سەرخان و ژێرخانێکی پتەوی ئابورین، بەو پێیەی لە رۆژگاری ئێستادا گۆڕانکارییە سیاسیەکان، راستەوخۆی کاریگەریان دەبێت لەسەر پێشکەوتن و گەشەپێدانی ئابوری وڵاتان، بە پێچەوانەشەوە لەئەگەری پاشەکشێی بنەماکانی دیموکراسی و سەرهەڵدانی تەنگژەو قەیرانی سیاسی، هاتنە ئارای قەیران و کێشەی ئابوری بۆ وڵاتان چاوەڕوان کراو دەبێت.
بەم پێیەش سیاسەت و ئابوری دوو گۆڕاون ئەگەر پێکەوە هەنگاو نەنێن و گەشە نەکەن، ئەستەمە وڵاتان لەیەک کاتدا رووبکەنە گەشەپێدان و پێشکەوتنی گشتگیری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی ...هتد.
لە ئێستادا ئەم هاوکێشەیە زۆر لەگەڵ دۆخی سیاسی و ئابوری تورکیادا یەک دەگرێتەوە. بۆ نمونە لەگەڵ هاتنە سەر حوکمی پارتی دادو گەشەپێدان لە تورکیا لە ساڵی ٢٠٠٢ دۆخی سیاسی و ئابوری تورکیا هاوشانی یەکتر روی لە گۆڕانکاری و بوژانەوە کرد، ئەم دۆخە بەدیاریکراوی بۆ ماوەی ١٠ ساڵ بەردەوامی هەبوو. بەڵام لەگەڵ دروستبونی دەنگی ناڕەزای بەرامبەر فەرمانڕەوای و سیاسەتەکانی پارتی دادو گەشەپێدان (ئەکەپە)، لە ساڵی ٢٠١٢ ەوە تا ئێستا دۆخی ئابوری تورکیا هاوشانی دۆخە سیاسی و ئەمنییەکەی رۆژ بەرۆژ روو لەداکشان دەکات. دواتر ئەوەی دۆخەکەی ئاڵۆزترکرد لە تورکیادا بریتی بوو لە زنجیرە روداوێکی یەک لەدوای یەک کە دۆخی سیاسی و ئەمنی تورکیای ئاڵۆزترکرد، لەوانەش روداوەکانی (خۆپیشاندانەکانی گەزی پارک ساڵی ٢٠١٣، دواتر راگرتنی پرۆسەی ئاشتی و چارەسەری کورد، رودانی جەنگێکی نێوخۆی لەنێوان حکومەتی تورکیاو لایەنگرانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە پارێزگاکانی باکوری کوردستان، دروستبونی داعش لە سوریاو عێراق، لەگەڵیدا دەستێوەردانی داعش و ئەنجامدانی تەقینەوەو دروستکردنی ئاڵۆزی لە تورکیادا، کە سەرئەنجام دۆخی ئاسایشی تورکیا روی لە تەنگژەو نائارامی زیاتر کردەوە، بچڕاندنی پەیوەندی لەگەڵ روسیا بۆماوەی ساڵ و نیوێک زیاتر، کە دۆخی ئابوری تورکیای خراپترکرد، کەمبونەوەی ژمارەی گەشتیاران بۆ تورکیا بەهۆی زۆربونی تەقینەوەو خراپی دۆخی ئەمنی تورکیاو خراپ بونی پەیوەندی تورکیاو روسیا، بەردەوامی ئەم دۆخە خراپە سەری کێشا بۆ ئەنجامدانی کودەتایەکی سەربازی ١٥ تەموزی ٢٠١٦ ، بەم هۆیەش دۆخی ئەمنی و سیاسی و ئابوری تورکیا لە خراپەوە بۆ خراپتر رۆیشت، دواتر راگەیاندنی باری نائاسایی کە بۆ ماوەی دوو ساڵ دریژەی کێشا، ئەمەش سەری کێشا بۆ دەستگیرکردن و سزادانی سەدان هەزار فەرمانبەر و هاوڵاتی

بە تۆمەتی پشتیوانی لە کودەتاو هاوکاریکردنی تیرۆر، تا داخستنی دەیان رۆژنامەو گۆڤار و تەلەفیزیۆن و دەستگیرکردنی هەزاران ئەندام و چالاکی سیاسی و رۆژنامەنوسی کورد لەو وڵاتەدا، دواتر دەستێوەردان لە دۆخی سوریاو ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکانی فورات و چڵەزەیتون لەباکوری سوریا، نزیکبونەوە لە روسیاو ئێران و دورکەوتنەوە لە ئەمریکاو خراپبونی پەیوەندیە دیپلۆماسیەکانی نێوان تورکیا و بەشێک لە وڵاتانی ئەوروپا، تا تێکچونی پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ئەمریکا، بەتایبەت پاش ئەوەی ئەمریکا داوای تورکیای ڕەتکردەوە بۆ ڕادەستکردنەوەی فەتحوڵا گولەن، لەبەرامبەردا تورکیا لەدوای کودەتاکە قەشە (ئەندریۆ برۆنسن)ی ئەمریکی ١٢ هاوڕێی بە تۆمەتی هاوکاریکردنی بزوتنەوەکەی فەتحولا گولەن لەدوای کودەتا سەربازییەکەی تورکیا دەستگیرکرد... هتد).

بەردەوامی کێشەو قەیرانە سیاسی و سەربازی و ئابورییەکانی تورکیا لەسەر ئاستی ناوخۆی و ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی، هاوشانی تێکچونی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوان ئەمریکاو تورکیا، بەتایبەتی لەماوەی پێنج ساڵی رابردودا، هۆکاری سەرەکیی بون لە دابەزینی بەهای لیرەی تورکی و قوڵبونەوەی زیاتری کێشە ئابوری و داراییەکانی ئەو وڵاتە.

بۆ نمونە لە نیسانی ٢٠٠٨ بەهای دۆلارێکی ئەمریکی بەرامبەر بووە بە ١.٣٠ لیرەی تورکی، بەڵام دوای ١٠ساڵ لە نیسانی ٢٠١٨ بەهای دۆلارێکی ئەمریکی بەرامبەر بووە بە ٤.٥٠ لیرەی تورکی، واتە لەماوەی ١٠ ساڵدا لیرەی تورکی نزیکەی چوار هێندەی رابردو بەهاکەی بەرامبەر دۆلای ئەمریکی دابەزیوە. هاوکات لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا لیرەی تورکی زیاتر لە ١٠٪ بەهاکەی لەدەستداوە، بێگومان ئەمە شتێکە لە بارودۆخی ئاساییدا روونادات. هاوکات لەو ساتەوەختەی بەهای لیرە لە بازاڕەکاندا روی لە دابەزین کردووە، ئابوری تورکیاش روبەروی مەترسی گەورەی داڕمانی بوەتەوە. لە ئێستاشدا پێشبینی دەکرێت تورکیا توشی هەڵاوسانی گەورەی ئابوری ببێتەوە، بەتایبەت پاش ئەوەی ڕێژەی هەڵاوسان لە ڕێژەی ٥% ەوە بۆ نزیکەی ٢٠% زیادیکرد. لەبەرامبەردا نرخی کاڵاو شمەک و خواردەمەنی لە ناوخۆی تورکیا بەڕێژەی ٢٠% بەرزبوەتەوە.

لە ئێستاشدا دیارترین هۆکاری دابەزینی بەردەوامی بەهای لیرە، پەیوەندیدارە بە ململانێکردنی تورکیایە لەگەڵ ئەمەریکا، لەکاتێکدا ئەمەریکا خاوەن گەورەترین ئابوری جیهانەو دژایەتی بەردەوامی ئەمریکا بۆ تورکیا لێکەوتەی خراپی لێدەکەوێتەوە. هاوکات لەناوخۆی تورکیاش پاشەکشەی تورکیا لە بنەماکانی

دیموکراسی و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن حکومەتی ئەو وڵاتەوە، کاریگەری ناڕاستەوخۆی هەیە لەسەر بەردەوامی دابەزینی نرخی لیرە و دروستبوونی قەیرانی دارایی.

دواجار هەموو ئەو روداوانە لەماوەی پێنج ساڵدا کاریگەری نەرێنیان بەسەر ئابوری تورکیاوە بەجێهێشتوە. بەجۆرێک رێژەی بێکاری زۆر زیادی کردوە، ژمارەیەکی زۆر کۆمپانیا بیانی و وەبەرهێن و سەرمایەدار تورکیایان جێهێشتوە، بڕی وەبەرهێنان لە تورکیا زۆر کەمیکردوە، ژمارەیەکی زۆر لە سەرمایەداران مایەپوچ بون، هەموو ئەمانە بونە هۆکار بۆ ئەوەی بەهای لیرەی تورکی بە شێوەیەکی چاوەروان نەکراو لە دابەزین بەردەوام بێت.
ئەم بارودۆخەی شڵەژاوەی ئابوری تورکیا زۆرینەی هاوڵاتیانی ئەو وڵاتەی نیگەران کرد. ئابوری ناسانیش پێشبینی دەکەن کە بەهای لیرە زیاتر لەوەی کە ئێستا هەیە دابەزێت، بەم جۆرەش کێشەی ئابوری و رێژەی بێکاری و قەبارەی هەڵاوسان بەرزتر دەبێتەوە، لەبەرامبەردا تا ئێستا سیاسەتەکانی حکومەتی تورکیا بەرامبەر ئەم کێشانە دەستەوەستانەو بەردەوامبونی ئەم کێشانە بوەتە ئەگەرێکی کراوەو پێشبینی کراو ئاسۆی چارەسەریش دیار نییە.

پشت بەست بەوەی باسکرا، لەمیانەی ئەم راپۆرتەدا هەوڵدەدەین بەوردی تیشک بخەینە سەر قەیرانی دارایی و ئابوری تورکیا و پرسی دابەزینی بەهای لیرە و هۆکارەکانی پشت دابەزینی بەهای لیرە و دۆخی ئێستای ئابوری تورکیاو ئایندەی کێشە و قەیرانە ئابورییەکانی ئەو وڵاتە... هتد، ئەمانەو چەند پرسێکی دیکە لەم راپۆرتە شیکارییەدا گفتوگۆیان لەبارەوە دەکەین.

**گەیلان عەباس**
**ئەندامی ژوری توێژینەوەی سیاسی**

**توركیا و قەیرانی دارایی**

توركیا یەكێكە لە وولاٌتەكانی  نێو گروپی ٢٠ (G20)[١]، ئەم گروپە لە ٩٠% ئابوری جیهان پێكدەهێنن، لە ٨٠% بازرگانی جیهان دروست دەكەن، هاوكات ٣/٢ ژمارەی دانیشتوانی  جیهان لەناو سنوری ئەم ولاٌتانەشدا نیشتەجێن. لەو نێوانەدا توركیا خاوەن پێگەیەكی بەهێزی ئابورییە، ئابوری توركیا دوای هاتنە سەر حوكمی پارتی (دادو گەشەپێدان) لەسالٌی ٢٠٠٢ گەشەی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، لەوكاتەوە تا ئێستا كە نزیكەی ١٥ سالٌ دەبێت ئابوری توركیا بەردەوامە لە گەشەكردن و پێشكەوتن. توركیا دوای ئەوەی توانی قەیرانە داراییەكەی سالٌی ٢٠٠٠-٢٠٠١ تێپەڕێنێت، لە نێوان سالاٌنی ٢٠٠٢-٢٠٠٦ ئابورییەكەی بەڕێژەیەكی بەرچاو گەشەی دەكرد. گەشەكردنەكەش سالاٌنە نزیك دەبوویەوە لە 7.5%. ئەوەی لێرەدا گرنگە لە 25%ی تێكرایی گەشەی ناوخۆ، ئەنجامی ئەو وەبەرهێنانە بوە كە لە كەرتی ئابوری توركیادا ئەنجامدراوە. ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەی كەرتی تایبەت زۆر چالاك بوون و خۆیان دەگونجان لەگەلٌ بەرەوپێشچوونە نوێیەكانی جیهان لەم بوارەدا. بەتەواوی هەلٌئاوسانی ئابوری لەتوركیادا كۆنترۆلٌكرابوو، بەشێكی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بانكی ناوەندی توركیا سەربەخۆیی تەواوی هەبوو لە بڕیارداندا. بانكی ناوبراو ڕێگەی نەدەدا چۆنێك سیاسییەكان بیانەوێت پارەی وولاٌت بۆ مەرامە سیسایەكانی خۆیان خەرج بكەن واتە دەسەلاٌتداران  نەتوانن  بەئارەزووی خۆیان پارە  خەرج بكەن ببنە هۆی كورتهینانی گەورە  لەبودجەی وولاٌتدا،  یاخود چۆن بیانەوێ  دەستبخەنە كارەكانی بانكی ناوەندیەوە  بۆ بەرزكردنەوەو نزمكردنەوەی  ڕێژەی سووی بانكی ،وەك ئەوەی ئەردۆغان لە ئێستادا كۆنترۆلٌی كردوە. واتە لەو كاتدا دەسەلاٌتە ڕەهاكانی بانكی ناوەندی كە پەیوەندی بەكاری بانكەوە هەیە واتە سیاسەتی نەختی (Monitory Policy) و ئەو دەسەلاٌتانەی پەیوەندیان بە كاری بازرگانییەوە هەیە نەدرابوونە دەست دەسەلاٌتی سیاسی.

---

**١. ئەم گروپە كە لە ٢٠ ولاٌتی جیهان پێكدێت ٩٠% ئابوری جیهان  پێكدەهێنیت و لە ٨٠% بازرگانی  جیهان بەڕێوەدەبەن و ٣/٢ ژمارەی  دانیشتوانی  جیهان لە سنوری ئەم ولاٌتانە دەژین.**
**كاری G20 ئەوەیە كە گەشەی گەورە بدات بە ئابوری جیهان و ئەوگەشەیە بەردەوام بێت و  هاوسەنگ بێت بۆ گەشەسەندن و دروست كردنی  هەلی كاری جۆری (كوالٌیتی). توركیا لەسالٌی ٢٠١٥ دا كە سەرۆكایەتی ئەو خولەی G20 دەكرد، ئەوەی كردە ئامانج كە كەم كردنەوەی بێكاری بەڕێژەی ١٥% لەناو  نێوجەواناندا دابەزێنێت و نایەكسانی لە ناو ئەو وولاٌتانەی گروپەكەدا كەمبكاتەوە. هاوكات G20 كار لەسەر بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرو كێشەی پەناهندەیی لە جیهاندا دەكات.**

ئەوسەرچاوانەی کە داهاتی هەبوو بۆ حکومەت لەڕێگای ئەو ڕێوشوێن و چاکسازییانەی گیرابوویەبەر بەڕادەیەکی زۆر ڕێگا گیرا بوو لە گەندەڵی و بەهەدەردانی داهاتی وڵات. ئەم هەنگاوانە وایکردبوو بودجەی وڵاتەکە تووشی کورتهێنان نەبێت. ئەمەش یارمەتی ئەوەیدا کەپارەی ووڵات تەنها بۆ خەرجی گشتی و بەرژەوەندی گشتی وەک خزمەتگوزاریە سەرەتایی و پێویستییە گشتییەکان بەکاربهێننرێت. چەقی چالاکییە ئابوریەکان تەنها ئەستەنبوڵی نەگرتبویەوە، بەڵکو کۆمپانیا بچوک و تازە پێگەیشتوەکان توانیان تەنانەت بەربەرەکانی بکەن لەگەڵ ئەو کۆمپانیا و دامەزراوانەی کەچەندین ساڵە ئابوری تورکیایان کۆنترۆڵ کردوە. (پارتی دادو گەشەپێدان: ئەکەپە) ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لەم بارەیەوەو ئەو پارتە لەناو کەم دەرامەت و خەڵکە هەژارەکەی تورکیاو چینە محافیزکارەکانی تورکیا پاڵپشتی گەورەی بۆ دروستبوو. لاوازبوونی ڕژێمی سەربازی لەتورکیا کە چەندین ساڵ بوو تورکیای کۆنترۆڵ کردبوو، هەموو ئەمانە ڕێگە خۆشکەربوون بۆ گەشەکردن و بەرەوپێشچوونێکی زۆر و تاڕادەیەک بەردەوام لە تورکیادا.

ئەو گەشەسەندنەش لەپاڵ بارودۆخێکی سیاسی تایبەت بوو لەو قۆناغەدا، کە وەرچەرخان بوو بەرەو دیموکراسی، ئەمەش هەمیشە دەبێتە هۆی ئەوەی گەشەی ئابوری ڕوو بدات. ئەم جووڵە گەورەیەی کە تورکیای لەڕووی گەشەی ئابوری و کرانەوە بەرەو دیموکراسیەت دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پاکێجە ڕیفۆڕمەی کە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٠ دا ئامادەی کرد بۆ تورکیا.

قەیرانە داراییە گەورەکەی ئەمریکاو ئەوروپا لەساڵی ٢٠٠٨ دا بوە هۆی ئەوەی کە ڕێژەی سوودی بانکەکانی ئەمریکا و ئەوروپا نزیک بێتەوە لە سفر، بۆیە پارەکانی ئەمریکاو ئەوروپا برانە دەرەوە بۆ ووڵاتە تازە دەرکەوتوەکان Emerging Market لەرووی ئابوریەوەو تورکیا یەکێک بوو لەو ووڵاتانەی وە بەرهینانێکی زۆری تێداکراو بانکە تورکیەکان پارەیان لە بانقەکانی ئەمریکاو ئەوروپا و بەڕێژەی سوودێکی زۆر کەم قەرز دەکردو بەلیرەو بە بەڕێژەی سوودی زۆر تر دەدرا بەقەرز لەناو تورکیادا، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی پارەیەکی زۆر لەلایەن بانکە تورکیەکانەوە بەقەرز بدرێت بە هاوڵاتیان، ئەم هەنگاوانەش پاڵنەربوون بۆ گەشانەوەی زیاتری ئابوری تورکیا.

هەموو ئەو هۆکارە سەرەکیانەی چاکسازی ئابوری و بەرەو دیموکراسی چونی تورکیا و پارەی ئەمریکا و ئەوروپا، یارمەتی گەشەی ئابوری تورکیایدا بۆ گەشەسەندن و گۆڕانی ژیان گوزەرانی ژیانی خەڵکی تورکیا بەرەو قۆناغێکی گەورەی گەشەی تەندروستی و پەروەردەو گەشت وگوزارو کشتوکاڵی لەو قۆناغەدا.

**توركیا لە قەیرانی دارایی یان قەیرانی ئابوریدایە؟**

قەیرانی دارایی و ئابوری دوو کێشەی بەیەکەوە بەستراون هەردووکیان تەواوکەری یەکترین. بەگشتی قەیرانی دارایی پۆلێن کراوە بۆ دوو جۆری سەرەکی:

١. کێشەی دراو و وەستانی لەناکاو

٢. قەرزو کێشەی بانکی

بەڵام ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆکاری هێنانە ئارای قەیران، لە ڕاپۆرتی سندوقی دراوی نێودەوڵەتیدا بەم جۆرە ئاماژەی پێکراوە:

**یەکەم:** قەیرانی دراو مەبەست لە بەهای دراوە واتە دابەزینی لە ناکاو یان دابەزینی دراوی وڵاتەکە لەماوەیەکی کەمدا بەرامبەر دراوە کانی تر لە بازاڕەکانی جیهاندا کە نرخەکەی دادەبەزێت، لەو کاتدا بڕە پارەیەکی زۆرترت پێویستە بۆ هاوردەکردنی شتومەک، وەک توركیا لە ئێستادا نەوت دەكڕێت لەبازاڕەکانی جیهاندا پێویستی بە دوو ئەوەندە پارە هەیە بۆ کڕینی نەوت و گاز. یان بۆ نمونە حکومەتی بەریتانیا دوای دەنگدان بە هاتنە دەرەوەی لەیەکێتی ئەوروپادا پاوەند بەڕێژەیەکی زۆر بەرچاو دابەزی. ئەمەش ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر توانای هاوردەکردنی هەر وڵاتێک لە هاوردەکردنی شتومەکدا.

**دووەم:** وەستانی لەناکاو و داڕووخانی جوڵەی سەرمایە لە بەگەڕخستنی پڕۆژەی نوێ، کە دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی بەرهەمهینان و بەکاربردنیش. ئەم جۆرە ڕووداوانە سزای دەرەکی دروستی دەکات، وەک ئەوەی ئەمریکا بەسەر ئێرانیدا هێناوە، دوای ئەوەی ئەمریکا لەڕێکەوتنامە ئەتۆمیەکە هاتە دەرەوە و بەهۆی ئەوەوە هەرچی وەبەرهێنەری ئەوروپی بوو ئێرانی بەجێهێشت.

**سێیەم:** قەرزی ناوخۆو دەرەکی، ئەمەش جۆرێکی ترە لە قەیران، کە هەندێک وڵات دەکەوێتە ژێر باری قەرزێکی زۆری دەرەکی و ناوەکیەوە کە ناتوانێت قەرزەکە بداتەوە، وڵاتی تورکیا ئیستا قەزیکی زۆری لایەو بەهۆی دابەزینی نرخی لیرەو بەرزبوونەوەی سوودی قەزی بانکی زۆر زەحمەت دەبێت ئەو قەرزانە بداتەوە .

**چوارەم:** قەیرانی بانکی، لە زۆر شوێنی دنیادا ڕوودەدات و دەكرێت کەوتنی یەک بانک ببێتە هۆی کەوتنی بانکەکانی تر، وەک ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٨ دا لە ئەمریکا روویدا، کە بانکیSubprime ڕووخا کارەساتی قە یرانە داراییەکەی بەدوای خۆیدا هێنا. لەتورکیا بانکەکان قەرزێکی زۆریان لەسەرەو چاوەڕی دەکرێت سزایەکی زۆر لەلایەن وەزارەتی خەزێنەی ئەمریکاوە بەسەر هالك بانك (HALBANK)دا بدرێت.

وەک کاردانەوەی دەست بەسەرکردنی "قەشە ئەندرو برانسن ۲" کە حکومەتی تورکیا بەتۆمەتی یارمەتی کودەتا چیەکان و یارمەتی کوردانی باکوری دەستگیری کرد. بەڵام حکومەتی تورکیا داوای ئەوە لە ئەمریکا دەکات کە ئەو سزایە نەدات بەسەر (HALBANK)دا. بەڵام ئەمریکا ئەو داوایەی رەتکردۆتەوە چونکە ئەو بانکە تورکیە لەڕێگای بازرگانێکی ئێرانی تورکیەوە بەیارمەتی جێگری بەڕێوبەری ئەو بانکەوە توانیویانە ئاڵتون بکڕن بۆ ئێران و پارەیان بۆ سپی بکەنەوە، بڕیارەکانی سزا ئابوریەکانی سەر ئێرانی شکاندبوو کە لە لایەن ئەمریکاوە سە پێنرابوو بەسەریدا پێش ڕێکەوتنامەکەی ئەمریکا و ئێران و چاوەڕواندەکریت ئەو سزایە چەند ملیار دۆلارێك بێت، بۆیە قەیرانی بانکی لەتورکیادا زۆر گەورەیە و گەورەتر دەبێت. هەرلەبەر ئەوەبوو کە دامەزراوەی (MOODY) کەڕێکخراوێکی سەربەخۆییە، کاری ئەم ڕێکخراوە کۆکردنەوەی زانیارییە لە وڵاتاندا، لە بارەی سیستەمی داراییەوە، دوای لەسەر بنەمای زانیارییەکان پلە بەندی زانیارییەکان دەکات، لەروی متمانەی داراییەوە بۆ وەبەرهێنەران، کە ئایا کام وڵات لە ئێستادا شیاوە بۆ وەبەرهێنان. بۆ نمونە لەتورکیادا دامەزراوەی مودی پلە بەندی ۲۰ بانکی تورکی دابەزاند، لەڕیزیبەندییەکەدا پلە بەندی ئەو بانکانەی دیاریکرد کە کێشەیان هەیە لە رووی سەرمایەوە، واتە سەرمایەی پێویستیان تیا نیە ، هاوکات دەزگا پلەبەندیەکانی تری وەک (S&P) رێزبەندی بۆندی تورکیای خستە ڕیزی (JUNK) وە واتە تورکیا بە کەڵکی وەبەرهێنان نایەت.

### هۆکارەکانی قەیرانی دارایی بەگشتی

قەیرانی دارایی تورکیا رووداوێك نییە تەنها ئەو وڵاتەی گرتبێتەوە، بەڵکو لەئێستادا قەیرانی دارایی چەند وولاتیکی تریشی گرتۆتەوە. بە نمونە (ئەرجەنتین، باشوری ئەفریقا، ئەندۆنیسیاو میسر ...)، هەرچەندە میسرو ئەرجەنتین پەنایان بۆ سندوقی دراوی نیودەوڵەتی برد.

یەکێك لە هۆکارەکانی ئەم قەیرانە داراییە، بەرزبونەوەی بڕی ڕێژەی بانکی یەدەگی فیدراڵی بوو لە ئەمریکاو کەمکردنەوەی باج بوو لە سەردەمی سەرۆک ترامپ و کەمکردنەوەی بیروکراسی لە بەڕێوەبردنی بازرگانیدا بەمەش یارمەتی گواستنەوەی سەرمایەی دا لەوولاتە تازە دەرکەوتوەکاندا بۆ ئەمریکا بوە هۆی دروستبونی قەیران.

---

**۲ قەشە ئەندرو برانسن : دوای دوو ساڵ لە دەستبەسەری و زیندانیکردن ، دواجار لە ئێوارەی رۆژی (۱۲-۱۰-۲۰۱۸) بە بڕیاری دادگای تورکیا ئازادکرا.**

یەکێك لە هۆکارە گشتیەکان ئەوەیە کە بەهای شتومەک، هەڵئاوسانی زۆربەخۆیەوە دەبینێت، وەک ئەوەی کە لە تورکیادا دەبینرێت، ئیستا ڕیژەی هەڵئاوسان گەیشتۆتە ٢٤.٩٥% کە ئەم ژمارەیە زۆر زۆرە. لە ئەمریکادا بەهۆی بەرزبونەوەی نرخی خانووبەرە لەساڵی ٢٠٠٨ بووە هۆی داڕووخانی نرخی خانووبەرە دوای ئەوەش کاریگەری لەسەر هەموو شوێنێکی جیهان دانا.
کێشەی سیاسیش کە دەبێتە هۆی ئە وەی قەیرانی دارایی دروست بێت وەک سزای ئابوری و سیاسی، کە دەدرێت بەسەر وولاتێکدا. ئەمەش چۆن نەتەوە یەکگرتوەکان یان ئەمریکا سزای سیاسی و ئابوری بەسەر وولاتێکدا دەسەپێینن.
هۆکارێکی تری قەیرانی دارایی ئەوەیە کە چەند ساڵێک بودجە لەسەر یەک کورت دەهێنێت، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی قەیرانی دارایی، چونکە کورتهێنانی بودجە دەبێت لە کۆتایدا پڕبکرێتەوە.

**قەیرانی ئابوری: چۆن دروست دەبێت و لە چ کاتێکدا؟**

١. کاتێك دروست دەبێت کە کۆی قەبارەی هەناردەی وڵاتێک ڕوو لە کەمبونەوە بکات، وەک چۆن دوای ڕێفۆراندۆمەکەی کوردستان هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان کەمی کرد، بە لەدەستدانی کەرکوک ناوچەدابڕاوەکان.
٢. کاتێک کۆی گشتی گەشەی ناوخۆ ڕوو لە کەم بوون دەکات بە بەراورد بەساڵانی پێشوو. ئەوە دەبێتە هۆی قەیرانی ئابوری کە چەند ساڵێک بەردەوام ڕوو لەکەم بوونەوە بکات.
٣. خاو گەشەکردنی گەشەی بەرهەمی ناوخۆی وولاتێک، هۆکاریکی تری قەیرانی ئابورییە، چونکە بەردەوام ژمارەی دانیشتوانی وولات بەرەو زیادکردن دەڕوات، هەربۆیە لەگەڵ گەشەی دانیشتواندا پێویستە کۆی قەبارەی ئابوری یاخود گەشەی ناوخۆ زیاد بکات.

بەشێوەیەکی زۆر سادە کاتێك وولات تووشی قەیران دەبێت هەردوو جۆرەکە (دارایی و ئابوری) پەیوەندیان هەیە بەیەکەوە قەیرانی دارایی دەبێتە هۆی دروستبونی قەیرانی ئابوری، چونکە قەیرانی دارایی ڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە لە سەر نرخی شتومەک و بانکەکان، ئەمەش کاردەکاتە سەر جووڵەی بازاڕو بازرگانی، کە سەر ئەنجام دەبێتە هۆی قەیرانی ئابوری. ئەگەر بەردەوام بێت سەرئەنجام وولاتەکە تووشی داڕوخانی ئابوری دەبێت و کاریگەری لە سەر ڕووخانی دراوی وولاتەکەو بازاڕ دەبێت.

بۆیە دەتوانین بڵێین کە تورکیا قەیرانی دارایی هەیە، بە هۆی دابەزینی بەهای دراو و قەرزێکی زۆری کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت و بانکەکان. لە کۆتایشدا تێکڕای گەشەی ناوخۆی وواڵت کەم دەکات تووشی پوکانەوەی گەشەی دەکات و ئەمەش کاریگەری لەسەر جووڵەی بازاڕ دەکات و تووشی قەیرانی ئابوری دەکات.

**هۆکارەکانی قەیرانی دارایی تورکیاو کێشەکانی**

هەرچەندە هەواڵی دابەزینی لیرەی تورکی کاڵ بۆتەوە لە هەواڵە سەرەکیەکاندا بەڵام حکومەتی تورکیا چەند پێوەرێکی گرتۆتەبەر بۆ وەستان و چاککردنی ئەو قەیرانە. حکومەتی تورکیا ئەوەی ئابوری ناسان پێیدەڵێن Orthodox view واتە لاساییکردنەوەی ئەو دیدەی لەکاتی قەیراندا هەڵئاوسان بەرز دەبێتەوە دەبێت ڕێژەی سوودی بانکی بەرز بکرێتەوە، ئەردوغان زۆر بە توندی دژی وەستاوەتەوە. بەڵام هەردەبێت بەوە ڕازیبێت کە سوودی بانکی بەرزبکاتەوە.

کێشەی گەورەی تورکیا کاتێک دەستیپێکرد کە لەدوای کودەتا سەربازیە شکستخواردووەکەی ١٥ی تەموزی ساڵێ ٢٠١٦ روویدا، لە تورکیادا یاسای باری نائاسایی جیبەجێکرا بۆ ماوەی نزیکەی ٢ ساڵ، بەهۆی ئەم یاسایەوە حکومەتەکەی ئەردۆغان توانی سەدان هەزار کەس سەر بە بزوتنەوەی گولەن دەستگیربکات و بیانخاتە بەندیخانەوە" واتە ئازادیەکان زۆر بەر تەسک بوونەوە لەناو تورکیادا، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی سەرمایەیەکی زۆر لەناو تورکیادا بڕواتە دەرەوە و چینی ناوەراستی تورکیا بڕۆن وواڵت بەجێبهێڵن و سەرمایەکانیان لەگەڵ خۆیان بەرن، بەرتەسک بوونەوەی ئازادییەکان وای لە وواڵتانی ئەوروپا کرد کەچیتر کار ئاسانی نەکەن بۆ هاتنە ناوەوەی تورکیا بۆ یەکیتی ئەوروپاو کەمکردنەوەی بازرگانی لەگەڵ تورکیا، وەبەرهێنەرە ئەوروپیەکان ئامادە نەبوون وەبەرهێنان بکەن بەهۆی یاسای تیرۆر، ئەمانە بەشێکبوون لە هۆکارەنی قەیرانی دارایی تورکیا.

یەکێک لە هۆکارەکانی تر گومرک خستنە سەر کاڵای تورکی لەلایەن ئەمریکاوە بۆ سەر ئەلەمنیۆم کە ٢٠% و بۆ پۆڵا لە ٥٠% تورکیا ساڵانە بە بەهای ١١.٥ ملیار دۆلار بازرگانی ئەلەمنیۆم و پۆڵا دەکات لەگەڵ ئەمریکادا، لە ئێستادا کۆمپانیا تورکییەکان دەبێت بەدوای بازاڕی تردا بگەڕێن بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان. لەرۆژی خستنەسەر ئەم سزایانە لەلایەن ئەمریکاوە بەهای تورکی بەرێژەیەکی زۆر دابەزی.

ئەوەی زۆر گرنگە لە ساڵی ٢٠٠٨ کە قەیرانە داراییەکەی ئەمریکاو ئەوروپا دەستیپێکرد لە بەرئەوەی ڕێژەی سوود زۆر دابەزی بۆ نزیکی سفر بانکە تورکیەکان پارەیان لە ئەمریکاو ئەوروپا قەرز دەکرد، لە تورکیا بە ڕێژەی سوودی زیاتر دەیان دا

بە خەڵك، چونكە ڕێژەی سوود بەرزتر بوو لە توركیا. توركیا هەروەک وڵاتێکی دەرکەوتوو کە پێییان دەڵێن Emerging Market لە ئێستادا هەموو ئەم وڵاتانە وەک ئەرجەنتین و باشووری ئەفریقاو ئەندنوسیا هەموویان هەمان کێشەیان هەیە هەر بەبەرزبوونەوەی ڕێژەی سوودی بانکی ئەمریکا پارەی ئەو وڵاتانە هەموویان دابەزینیان بەخۆیەوە بینیوە، هەر لەوکاتە ڕێژەی سوو بە ڕێژەی 0.25% لە ئەمریکا بەرزبووەوە، لیرەی تورکی دەستیکرد بە دابەزین لە ئێستادا، (J. Powel) بەڕێوبەری بانکی فیدراڵی ئیحتیاتی ئەمریکا ڕێژەی سووی بانکی گەیاندۆتە ٢.٢٥%. چاوەڕوان دەکرێت لەم٣مانگەی داهاتوی ساڵی ٢٠١٨یەک جاریتر ڕێژەی سوو بەرزبێتەوە، ئەمەش باری قەرزەکانی تورکیا زۆر گرانتر دەبێت، لەم کاتەدا کە نرخی لیرەی تورکی زۆر دابەزیوەو ئەگەر ئەو بەرزبوونەوەیە ڕوو بدات سەرمایە لە بانکەکانی تورکیا نامێنێت.

یەکێک لە هۆکارەکانی تر بەرهەمهێنانی کەمتر لە کەرتی تایبەتدا و گەشەنەکردن و متمانە نەکردن بەدەزگا دارایەکان، وەک ئەوەی کە (HALBANK) لەساڵی ٢٠١٣ دا تووشی قەیرانێکی قوڵ و گەندەڵی گەورە بوو کە چەند کەسێکی نزیک لە سەرۆکی تورکیاوەو داخستنی کۆمەڵی دەزگای دارایی و بانک کە سەر بە باڵی گولەنیاکان بوون، ئەمەش بووە هۆی پاشەکشە لە دەزگا دارایەکانی تورکیا و کەرتی تایبەت زیاتر لە پێویست گەورە بوو بەتایبەتی لە بواری خانووبەرەدا، ئەمانە وایان کرد قەیرانی دارایی دروست ببێت.

### قەرزەکانی تورکیا

تورکیا لە ئێستادا ٤٣٠ ملیار دۆلار قەرزارە، ئەم قەرزە دەکاتە نزیکەی ٤٠%ی تێکڕای گەشەی ناوخۆ. بانکەکانی تورکیا تا مانگی ٦ ساڵی ٢٠١٨ ئەو بڕە پارەیەی کە قەرزارن ١٨٦ ملیار دۆلارە کە ئەمە دەکاتە ٧٥% پارەی ناو هەموو سندوقەکانی تورکیا. لە ئێستادا هەندێ بانکی تورکی دەبێت ٧٧ ملیار دۆلار بۆندو Syndicate loan واتە قەرزی گەورە کە چەند بانکێک بەشداری دەکەن لە دانی ئەو قەرزە جارێکی تر نوێبکەنەوە -refinance- ئەمەش کێشەی گەورە دروست دەکات، بەهۆی دابەزینی نرخی لیرەوە.

بانکە تورکییەکان لەساڵی ڕابردوودا بەڕێژەی ١% ڕێژەی سوودی زیاتریاندا بۆ قەرز وەرگرتن لە بانکەکانی ئەمەریکا و ئەوروپا، ئیتر لە دوای کودەتا سەربازییە

سەرنەکەوتوەکەی ساڵی ٢٠١٦، تورکەکان ڕاهاتوون بەو گێژاوە سیاسییانەی کە لەووڵاتەکەیاندا زوو زوو ڕودەدات.
تورکیا دوو جۆر بۆند دەردەکات هەروەک زۆربەی ووڵاتانی جیهان بۆندێک بۆ ناوخۆی ووڵات کە وەبەرهێنەرەکانی ناوخۆ دەیکڕن، واتە ئەم بۆندە بە پارەی ناوخۆ و لیرەی تورکی دەردەچێت. بۆندێکی تر پێی دەوترێت Sovereign Bond واتە بۆندی سیادی، ئەم بۆندە بە پارەی بیانی دەردەچێت ئیدی بە دۆلار یان بە دراوی یۆرۆیە، لە ئێستادا ئەم بۆندە دەفرۆشرێت بە وەبەرهێنەری بیانی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، بەرامبەر بەوە وەبەرهێنەرەکە سوو وەردەگرێت، لەئێساتدا سووی ئەم بۆندانە گەیشتووەتە بەرزترین پۆینت و ٢٠% و حسابی کورتەی بودجەکەی گەیشتۆتە ٦% تێکڕای گەشەی ناوخۆ واتە GDP ئەم ژمارەیەش زۆرە بۆ کورتهینانی بودجەی ناوخۆ.
لیرەی تورکی هەر بەرزنابێتەوە دوای ئەوەی کە بانکی ناوەندی ٦٢٥ بەیسیک پۆینیتی بەرزکردەوە واتە بەڕێژەی ٦.٢٥% لە بەرئەوەی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت کورتهێنانیان بەبڕی ٢١٦ ملیار دۆلار هەیە، واتە ئەم قەرزی کۆمپانیایانە بڕی لە ٦٠% قەرزاری تێکڕای گەشەی ناوخۆن. دابەزینی لیرەی تورکی وایکرد کۆی نرخی بۆرسەی ئیستەنبوڵ کەمتر بێت لە کۆی نرخی تەنها کۆمپانیای Netflix ئەمریکی، بۆیە کاتێک کە لیرە بەهێزدەبێت کۆمپانیاکانی ناوخۆ دەست دەکەن بە کڕینی دۆلاری ئەمریکی، بەمەش جارێکی تر خواست لەسەر دۆلار زیاد دەکات و دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی دۆلار و شکاندنی لیرە یەکێک لە هۆکانی دیکەی دابەزینی بەهای لیرە نەمانی متمانەیە بە لیرەی تورکی لەناوخۆدا. هەر چەندە دابەزینی پارەی ناوخۆی ووڵات دەبێتە هۆی زیادکردنی هەناردەی ووڵات و هەندێ سێکتەری تایبەت بەتایبەتی سێکتەری گەشتوگوزار، بۆ نمونە ئێستا ژمارەی گەشتیارانی تورکیا بەڕێژەیەکی بەرچاو زیادیکردوە بەتایبەتی کە ووڵاتێک توانای بەڕێوەبردنی خۆی هەبێت، وەک ئێران و تورکیا بە مەرجێک سزای ئابوری لەسەر نەبێت لەلایەن کۆمەڵگای نێو دەوڵەتیەوە، دەتوانێت هەناردە زیاد بکات. دوای ماوەیەک سوڕەکانی ئابوری خولەکانی تەواو دەکات جارێکی تر ووڵات بەرەو گەشە دەڕوات.

**چارەسەری قەیرانی دارایی تورکیا**

١. پێویستە تورکیا بەزووترین کات ڕێژەی سوودی بانکی بەرز بکاتەوە بەنزیکەی ٦٠٠ Basic point واتە ٦% ئەمەش یارمەتی بەرزبوونەوەی لیرەی تورکی دەدات و هەڵئاوسان کەمدەکاتەوە، کە لە مانگی ئابدا گەیشتۆتە ١٧.٩% ئەمەش بەپێی پلانی بانکی ناوەندی تورکی دەبێت ڕێژەی هەڵئاوسان ٥% واتە

سێ هێندە زیاترە، ئەمەش بەرزترین ژمارەیە لە ١٥ ساڵی ڕابردودا، ئەمە کێشەی گەورەی ئابوریناسان و وەبەرهێنەرانە، هەرچەندە ڕێژەی سوود زۆر بەرزە کە لە ١٧.٧٥% بەڵام دەبێت زیاتر بەرزی بکاتەوە، چونکە وەبەرهێنەرەکان داوای دەکەن و کەسیش ناتوانیت کۆنترۆڵی بازاڕ بکات، ئەگەر ئەردۆغان پێیوابێت ئەوە بەهەڵەدا چووە.

هەرچەندە بانکی ناوەندی بڕیاری دەرکرد کە ڕێژەی سووی بانکی بەرزکردەوە بۆ ٢٤.٥% ئەمە هەنگاویکی باش بوو، هەر دوای ئەوە بڕیاریدا کارکردن لە هەموو پڕۆژە تازەکاندا بوەستێنیت، بۆ ئەوەی هەڵئاوسان دابەزێت، ئەمەش کاریکی باش دەبێت بۆ بەرزبوونەوەی لیرەی تورکی هەرچەندە بۆ ماوەیەک بازاڕ تووشی پوکانەوە دەکات و دەبێتە هۆی مایەپوچبونی کۆمپانیاکانی بیناسازی و بازرگانی بچوک و کۆمپانیا تازە دروستبووەکان.

هەرچەندە تورکیا کۆمەڵی هەنگاوی ناوە کە قەرزکردن بۆ یەک شەو ڕێژەی سوو گەیشتۆتە ١٩.٩٥% واتە Over Night Borrowing Rate ئەمەش ڕێگەی گرت لەوەی کەلیرەی تورکی SHORT بکرێت، واتە بفرۆشرێت، بۆیە لیرەی تورکی زیاتر دانەبەزی. ئەگەر بتەوێت قەرز بکەیت بەلیرە، دایبەزاند بۆ ٢٥% بەئەمەش ناتوانیت زۆر پارە قەرز بکەیت و دەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانێت قەرزی زۆر بکەیت بۆ ئەوەی لیرە بفرۆشێت، چونکە فرۆشتنی لیرەی زیاتر دەبێتە هۆی دابەزینی زیاتری لیرە.

یەکێکی تر لە بڕیارەکانی تورکیا کە ئەردوغان دەریکردو بڕیاریدا زۆربەی مامەڵەکان و گرێبەستەکان بە لیرەی تورکی بکرێت نەک بە یۆرۆ و دۆلارێك ماوەی ٣٠ ڕۆژی داناوە بۆ جێبەجیکردنی بڕیارەکە ئەمەش وادەکات ڕێگربێت لەزیاتر دابەزینی بەهای لیرەی تورکی و یارمەتی ئەوە دەدات خواست لەسەر پارەی ناوخۆی وولات بەرزتربێتەوە. بانکەکانی تورکیا لە ناوەڕاستی مانگی حوزەیرانەوە دەستیان کردەوە بە کڕینی ئاڵتون بۆ ئەوەی سەرمایەی بانکیەکەیان بەلیرە نەبێت تازیاتر دابەزێت و زیانی گەورە بکەن، ئەوەی سەیرە لەتورکیادا وەک هەموو بانکێک دەبێت لە ١٠% سەرمایەکەی سپاردە Deposit بکات لەبانکی ناوەندیی تورکی دا ئەمە وەک یاسایەک وایە کە لە زۆربەی وولاتانی جیهان پەیڕەو دەکرێت، بەڵام لەتورکیادا بانکی ناوەندی لە جیاتی لە ١٠% سپاردە دەتوانیت ئاڵتون وەربگرێت. یەکێک لە ڕێگاکانی تر کە تورکیا گرتویەتیە بەر بۆ بەرزکردنەوەی بەهای لیرە ئەوەیە کەباج خستنە سەر بە ڕێژەی ١٠% ئەگەر دۆلار پاشەکەوت بکەیت لە بانکدا بۆ ماوەی یەک ساڵ،

بەڵام ئەگەر لیرەی تورکی پاشەکەوت بکەیت ئەوە بڕی باجی ١٠% ناخرێتە سەر لیرەی تورکی ئەمەش خواست لەسەر لیرەی تورکی زیاد دەکات و دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی پارەی ناوخۆ. تورکیا لە ئێستادا چەند بڕیاڕێکی داوەو چەند ڕێوشوێنێکی گرتوەتەبەر بۆ ئەو بانکانەی قەرزێکی زۆریان هەیە کە ئەو قەرزانە وەرگرتنەوەیان کارێکی ئاسان نیە پێیان دەوترێت Bad Loan واتە قەرزی خراپ بەهۆی داشکانی بەهای لیرەی تورکی و بەرزبوونەوەی ڕێژەی سووی بانکی لە ٢٤.٥. % لەم کاتەدا ئەگەر حکومەتی تورکیا یارمەتی بانکەکانی تورکیا نەدات ڕۆژ بەڕۆژ "ماکرۆ ئیکۆنۆمی" تورکی بەرەو دواوە دێت، ئەمەش گرنگە بۆ وەبەرهێنەر، چونکە ئەگەر ئەو قەرزانە چارەسەر نەکرێت گەشە لەووڵاتدا ڕوونادات.

٢. تورکیا دەتوانێت Capital Control بکات واتە دەستگرتن بەسەر هەموو سەرمایەی تورکیا بەومەرجەی دەستبەرداری قەرزە بیانیەکان بێت، ئەمە بە بۆچونی زانای ئابوریناسی براوەی خەڵاتی نۆبڵ PUAL KRUGMAN لەوانەیە ئەردۆغان وا بکات بۆ ئەوەی دەستبەرداری هەرچی قەرزی بیانی سەر وڵاتەکەیەتی و دەبێت بە چارەسەرکردنی قەیرانە داراییەکەی.

٣. تورکیا دەبێت داوای یارمەرتی لە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی International Monetary Fund بکات بۆ ئەوەی قەرزو بەرنامەیەکی چاکسازی باشی بۆ دابنێت. بەڵام هێنانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و ڕاوێژکارەکانی دەبێتە دیفاکۆتەیەک کە کۆتای بە سیاسەتی ناوخۆی ئابوری بهێنێت، ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕێنی ڕێسا کۆمەڵایەتی و ئابوریەکانی ئەردۆغان. دەبێت ڕێساکانی سندوقەکە جێیبگرێتەوە کە پابەندە بە چەندین ملیار دۆلار قەرزەوە. هەر چەندە حکومەتی قەتەر بە بڕی ١٥ ملیار دۆلاری وەبەرهینانی کرد بە کڕینی لیرەی تورکی و بۆندی تورکی بەس ئەوبڕە پارەیە زۆر کەمە بۆ ئەوەی چارەسەری قەیرانی دارایی تورکیای پێبکرێت و لیرەی تورکی پێبەرزبێتەوە.

٤. وەزیری دارایی و خەزێنەی حکومەت دەبێت پشتیوانی بانکەکانی بکات و پلانێک دابنێت بۆ چاودێریکردنی بانکەکان تا چ ڕادەیەک تەندروستن، مەبەست بوونی سەرمایەی پێویست لە ناو بانکەکان بۆ قەرزدان بە بە بازرگانەکان و دەبێت دڵنیایی بدرێت بە بانکەکان لە بارەی قەرزە خراپەکانەوە، ئەو قەرزانەی کە هیچ چارەسەرێکی نیە دەبێت تەحویل بکرێت بۆ حکومەت، هەرچەندە وەزیری دارایی پلانێکی داناوە بۆ ساڵی ٢٠١٩-٢٠٢١ و وەبەرهێنەرەکان ڕەخنەی توندیان لە پلانەکە گرت، کە نەباسی سەربەخۆیی

بانکی ناوەندی کردووەو نە قەرزە خراپەکان بێ پلانی بۆ کەرتی دراوە بیانیەکان بۆ لیرەی تورکی Foreign Exchange چونکە لیرەی تورکی خراپترین دراوە دوای پێزۆی ئەرجەنتینی کە زۆرترین دابەزینی بەخۆیەوە بینیوە. بێ پلانی پاکردنەوەی بالانسێکی پاکی بانکەکان بۆ ئەوەی وەبەرهێنەرەکان دڵنیا بن لە سێکتەری بانکی تورکیا.

**زیانەکانی تورکیا چی دەبێت**

ئەگەر تورکیا گوێ بە ئامۆژگاری ئابوریناسان نەدات ئەوا کۆمەڵێ کێشەی بۆ دروست دەبێت، چونکە کێشەی قەرز دەبێتە هۆی کەمبونەوەی سەرمایەی دەرەکی و کەوتنی بەهای لیرەی تورکی و تەقینەوەی هەڵئاوسان بەردەوام دەبێت، ئەمەش دەبێتە هەرەشەی گەورە لەسەر بانکە گەورەکان و مایەپوچبونی کۆمپانیا گرنگەکان. لەو کاتەشدا کێشەی وەک ئەمانەی خوارەوە چاوەروان دەکرێت؛

١. کۆمەڵێ کۆمپانیای زۆر مایە پوچ دەبن و دەبنە هۆی لەدەستدانی کاری زۆر.
٢. بانکەکان دەکەونە ژێر فشارێکی زۆری دۆلارەوە، چونکە قەرزکانیان بە دۆلار وەرگرتوە و بەبەرزبونەوەی هەر ڕێژەیەکی سوو کە بانکی یەدەگی ئەمەریکی بەرزی دەکاتەوە.
٣. ڕودانی هەڵئاوسانێکی زۆر، بەمەش بارگرانیەکی زۆر دروست دەکات بەتایبەتی کە تورکیا نەوت و گاز لەدەرەوەی وڵات هاوردە دەکات، بۆ نمونە کۆمپانیای دەوڵەتی تورکیا کە خاوەنی بۆری گازە بۆ ناو وڵاتەکە، لە مانگی ئابدا بەرێژەی ١٤% نرخی گازی بەرز کردۆتەوە، سەرباری ئەو بەرزبونەوەی کە لە مانگی پێشوودا کردویەتی، ئەم هەڵئاوسانەش دەبێتە هۆی ئەوەی کورتهێنانی بودجە زۆر گەورە بکات، واتە ئەگەر چارەسەر نەکرێت ئابوری تورکیا بەرەو پوکانەوەی زیاتر دەڕوات.
٤. لەدەستدانی هەلی کاری زۆر لە تورکیا، بەمەش ڕێژەی بێکاری زیاتر دەبێت هەرچەندە ژمارەی دانیشتوانی تورکیا لە ٢٠١٨دا ٨١.٩١٦.٨٧١ ملیۆن کەسەوە ڕێژەی لە دایک بوون ٢.١% بۆیە ئەگەر بەپێی یاسای کار هەلی کار دەبێت تورکیا ١.٧٢٢.٠٠٠ ملیۆن هەلی کار دروست بکات.
٥. کێشەی قەرز لەوەدایە ئایا قەرزی وڵات بەپارەی بیانیە یان پارەی ناوخۆیە. ئەگەر قەرزەکە بەپارەی بیانی بوو وەک تورکیا کە بەدۆلاری ئەمریکیە، کێشەکە ئەوەیە کە دۆلار بەرز دەبێتەوە بەراورد بە پارەی ناوخۆ ناتوانیت ئەو

پارەیە بەدەستبهێنێت، بۆ ئەوەی قەرزەکە بدەیتەوە، لە بەرئەوە ناچاری ئەوە دەبیت پارەی تازە چاپ بکەیت، بەمەش پارەی وولاتەکەت لەبەهاکەی کەم دەبێتەوە. چونکە زۆر وولات پارەی یەدەگی نیە.

٦. چاوەرێدەکرێت پوکانەوەی زۆر ڕوودات، هەرچەندە لە ئێستادا گەشەی ئابوری تورکیا خاو بۆتەوە بۆ ٥.٢% ئەمەش گەشەیەکی خراپ نیە، ئاماژەکان وادەردەکەون کە خاو بوونەوەکە کۆتایی دێت لە کۆتایی ئەمساڵ و سەرەتای ساڵی ٢٠١٩ دا، وولات بەرەو پوکانەوەی ئابوری دەچێت و ئەمەش واتە داخستنی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت، زۆر بوونی بێکاری زیاتر و دروست بوونی کێشەی زیاتر بۆ بانکەکانی تورکیاو بێکاری زیاتر لە ناو تورکیا دەبێتە هۆی زیادبوونی تاوان و زیادبوونی هەڵوەشانی خێزان و تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگاو بارودۆخی خەڵکی تورکیا، ڕۆژ بەڕۆژ بەرەوخراپی دەروات، واتە هەڵکشانی تێچوی ژیانی ڕۆژانەیان. لە کۆتایدا ئەگەر حکومەت داوای یارمەتی لە سندوقکە بکات، یان نەیکات لەهەردوو حاڵەتدا دەبێت بەشێویەکی تەواو هەرچی پاڵپشتی داراییە بیوەستێنێت و باجەکان بەرز بکاتەوەو سیاسەتی سك هەڵگوشێن پیادە باکات و برێکی زۆری قازانجی بانکاکان بپارێزیت بۆ ئەوەی بانکەکان بتوانن قەرزە دەرەکیەکانیان بدەنەوە.

**دەرئەنجام**

بەهۆی شەڕی بازرگانی نێوان دوو گەورە زلهێزەکەی جیهان (ئەمریکا و چین) لەلایەک، بەردەوامبونی سزا ئابورییەکانی ئەمریکا لەسەر ئێران و فەنزوێلا لەلایەکی دیکە، هۆکار دەبن بۆ زیاتر دابەزین و کەمبونەوەی بەرهەمی نەوت و زیاتر بەرزبونەوەی نرخی نەوت لە جیهاندا. بەم شێوەیەش گەشەی ئابوری جیهان بەگشتی ئابوریی وڵاتانی تازە پێگەیشتوەی جیهان بەتایبەتی زیانی گەورەی بەردەکەوێت.

لەو نێوانەشدا تورکیا کە بەهای دراوەکەی زۆر دابەزیوە. هاوکات تورکیا وڵاتێکی هاوردەکەری نەوتە، بەرزبونەوەی نرخی نەوت زیان بەگەشەی ئابوری ئەو وڵاتە دەگەیەنێت، قەبارەی هەڵئاوسان لەناوخۆی وڵاتدا زیاتر دەبێت، بەمەش بانکی ناوەندی تورکی دەبێت ڕێژەی سوودی بانکی بەرزبکاتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمی قازانجی کۆمپانیا تورکییەکان و لەدەستدانی کارو دروستبوونی بێکاری زیاتر.

هەرچەندە تورکیا قەشە (ئەندرۆ برانسن)ی ئازادکرد، بەبێ ئەوەی ئەمریکا هیچ ڕێکەوتنێکی لەگەڵدا کردبێت، ئەمەش کارێکی باشە چونکە بەرەنگاربوونەوەی تورکیاو ململانێ لەگەڵ ئەمریکا گەورەترین هەڵەی تورکیا بوو لەماوەی رابردودا، ئەمریکا هێزەکەی لە سوپاکەیدا نیە، بەڵکو هێزەکەی لە بەهای دراوەکەیدایە، بۆیە کاتێک دەبێت بە شەڕی ئابوری ئەستەمە وڵاتان بتوانن بەرنگاری ئابوری ئەمریکا ببنەوە، لەکاتی ئێستادا پێویستە هەنگاوی دوەمی تورکیا لەم بارەوە خۆی ببینێتەوە لە ئازادکردنی ئەو زانایەی ناساو ئەو فەرمانبەرە تورکیانەی کە لە سەفارەتی ئەمریکا کاریان دەکرد، ئەمەش وەک ئاماژەیەک بۆ خواستی ئاسایکردنەوەی بۆ پەیوەندیەکانی نێوانیان، تا وەک رابردو تورکیا بتوانێت سوود لە ئابورییە بەهێزەکەی ئەمریکا وەربگرێتەوە، بە پێچەوانەشەوە تورکیا زیانی ئابوری زیاتری بەردەکەوێت.

لەلایەکی دیکەوە پێویستە تورکیا لەسەر ئاستی ناوخۆ کار بکات بۆ باشکردنی رەوشی مافی مرۆڤ و ئازادی ڕۆژنامەوانی و ئازادی سیاسی و ئازادکردنی چالاکان و سزادراوانی سیاسی وگەراندنەوەی فەرمانبەرانی سزادراو بۆ سەر کارەکانیان، لەگەڵ نزیک نەبونەوەی زیاتری لە ڕووسیا، هەموو ئەمانەش بەمەبەستی ئاسایکردنەوەی

پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا، چونکە بەشێکی گرنگی قەرزی بانکاکانی تورکیا سەرچاوەکەی یەکێتی ئەوروپایە، لەئەنجامی هەنگاو نەنان بەم ئاراستانە، تورکیا زیاتر لە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپاو وڵاتانی نێو هاوپەیمانیەتی (ناتۆ) دوردەکەوێتەوە، سەرئەنجام خراپ بونی ئەم پەیوەندیانە بە زیان بۆ ئابوری تورکیا دەشکێتەوە.

کەواتە لە ئەگەری بەردەوامبونی سیاسەتی ئێستای تورکیا لەسەر ئاستی ناوخۆ و پەیوەندییە دەرەکیەکانی، هۆکار دەبن بۆ نەبونی ئاسۆیەکی ڕون بۆ چارەسەری قەیرانی دارایی و کێشە ئابورییەکانی ئەو وڵاتە لەکاتی ئێستادا.

## سەرچاوە

1. Marcus Ashworth, The Turkish Lira Faces an Unwelcome Reminder, at the said; https://www.bloomberg.com/view/articles/2018-09-02/the-turkish-lira-faces-an-unwelcome-reminder?srnd=premium-middle-east
2. Onur Ant, Turkey Central Bank Raises Benchmark Rate to 24%; Lira Rallies Turkey Central Bank Raises Benchmark Rate to 24%; Lira Rallies, at the said; https://economictimes.indiatimes.com/markets/stocks/news/turkey-central-bank-raises-benchmark-rate-to-24-lira-rallies/articleshow/65803194.cms
3. Onur Ant, Turkey's Fast-Paced GDP Growth Shows Signs of Slowdown Ahead, at the said; https://www.bloomberg.com/news/articles/2018-09-10/turkey-gdp-grows-5-2-percent-in-second-quarter-meeting-estimate
4. Jacqueline Poh, Turkish Banks Need $6 Billion Refinancing Amid Economic Crisis, at the said; https://www.bloomberg.com/news/articles/2018-09-04/turkish-banks-need-6-billion-refinancing-amid-economic-crisis
5. Onur Ant and Selcan Hacaoglu, Turkish Central Bank Pledges Policy Action to Stem Inflation, at the said; https://www.bloomberg.com/news/articles/2018-09-03/turkish-inflation-accelerates-more-than-expected-on-weak-lira
6. Cagan Koc, Lira Gets a Helping Hand as Turkey Raises Tax on Dollar Deposits, at the said; https://www.bloomberg.com/news/articles/2018-08-31/lira-gets-a-helping-hand-as-turkey-raises-tax-on-dollar-deposits
7. Constantine Courcoulas, Onur Ant, and Tugce Ozsoy, Why Can't Turkey Stop Its Economic Nose-Dive?, at the said; https://www.bloomberg.com/news/articles/2018-08-08/why-can-t-turkey-stop-its-economic-nose-dive-quicktake
8. Ben Bartenstein, Turkey Cut Deeper Into Junk by Fitch as Erdogan Tightens Grip, at the said; https://www.bloomberg.com/news/articles/2018-07-13/turkey-cut-deeper-into-junk-by-fitch-as-erdogan-tightens-grip
9. Daron Acemoglu, To Go Forward, Turkey Must Look Back: Ankara, struggling with an economy gone wrong, can learn from the things it once did right, at the said; https://www.bloomberg.com/view/articles/2018-08-30/to-go-forward-turkey-must-look-back
10. Ben Bartenstein and Constantine Courcoulas, El-Erian, BlackRock Flag Turkey Risk as U.S. Eyes Sanctions, at the said; https://www.bloomberg.com/news/articles/2018-08-16/el-erian-blackrock-say-turkey-investor-call-gave-band-aid-fixes

11. Constantine Courcoulas, Benjamin Harvey, Onur Ant, and Inci Ozbek, Erdogan Defiant While Turkey Slips Toward Financial Crisis, at the said;
https://www.bloomberg.com/news/articles/2018-08-11/with-turkey-crisis-erupting-bankers-gather-for-emergency-talks
12. Kerim Karakaya, Ercan Ersoy, Taylan Bilgic, and Asli Kandemir, Turkey Planning Help for Banks on Anticipation of Bad Loans, at the said;
https://www.bloomberg.com/news/articles/2018-09-17/turkey-said-to-plan-help-for-banks-on-anticipation-of-bad-loans
13. Constantine Courcoulas, Turkish Lira Cedes Gains From Rate Euphoria Amid Dollar Binge, at the said;
https://www.bloomberg.com/news/articles/2018-09-18/turkish-lira-slides-for-third-day-as-rate-hike-euphoria-fades
14. Onur Ant, Turkish Inflation Near Record High in Erdogan Era on Lira, at the said;
https://www.bloomberg.com/news/articles/2018-10-03/turkish-inflation-climbs-to-24-5-percent-as-lira-takes-its-toll

**١٥. دوای دابەزینی بەهای لیرە، ئابوری تورکیا چی بەسەردێت؟ ماڵپەری خەندان:**

http://www.xendan.org/detailnews.aspx?jimare=59219&babet=4&relat=1024